www.kurdistannet.org
26-4-2006 16:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ بەرچاوی بەڕێزان / عومەر فارس (بەرپرسی کوردستان نێت) و سەرجەم خوێنەرانی ئازیز ... بەختیار شێخ مستەفا

بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە (سەنتەری ئینتەرنێتی سارا) لە شاری سلێمانی چاوم بەکاک ((عومەر فارس)) کەوت، هەر ئەو ڕۆژە بەتەواوی تێگەیشتم کەچەندە مرۆڤێکی دڵسۆزو ماندووە، ماندوو بە دەست کارێکەوە کە بچوکترین بەرژەوەندی ماددی بۆ ئەو بەدی ناهێنێت. بە ڕاستی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەسانی وا دەگمەنن کە لێبڕاوانە و بە بێ بەرامبەر بەو هەموو دڵسۆزیەوە سایتێکی فرە بابەتی وەک (کوردستان نێت) بەڕێوە بەرن، گەرچی من هەر لە سەرەتاوە هاوڕای کاک عومەر نەبوم لەڕووی ئەو زۆر وبۆریەی کە بەرۆکی نوسینەکانی (کوردستان نێت) ی گرتووە، بەڵام سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەک (کوردستان نێت) توانی گوڕوتینێکی زۆر بداتە بواری میدیای ئەلەکترۆنی و پێویستە بە ئەمانەتەوە بۆ مێژوو ئەو ڕاستیە بڵێین کە ڕۆژگارێک (کوردستان نێت) سەرجەم خوێنەرانی کوردی، لەسەرانسەری جیهانداو بەجیاوازی بیرو بۆچوونەکانەوە لەسەر یەک سفرەی خوان کۆ دەکردەوە.

زۆر بە داخەوە ڕۆژی 2006/4/25، بەڕێز ((عومەر فارس)) بەزمانێکی دوور لە نەریتی ڕۆژنامەوانی، بە زمانێک کە پاساودانەوەی زەحمەتە، کەوتە بەخشینەوەی تف، تفێک کە ڕوخساری هەموو خوێنەرانی دەگرێتەوە گەر وەکوئەوبیر نەکەنەوە!
من دەتوانم لە هەڵچوونەکانی کاک عومەر بگەم و بە حەقی خۆیشی دەزانم بەرامبەر ئەو ناعەدالەتیەو سەرجەم ناعەدالەتیەکانی تری دەسەڵاتی کوردی بێدەنگ نەبێت، بەڵام ئەوە بە ڕاست نازانم کە لەپڕۆسەی بەرپەرچدانەوەی ستەم وناعەدالەتیدا ڕوخساری ئەو ئازیزانەمان تف باران بکەین کە ڕۆژانە دەبنە میوانی (کوردستان نێت) .

هەربۆیە من لەلای خۆمەوە وەک یەکێک لە نوسەران وهاوکارانی کوردستانێت داوای لێبوردن لەخوێنەرانی ئازیز دەکەم و پێشم وایە ئەو وتانەی کاک عومەر بریتییە لە پەرچەکردارێک و هەڵچونێکی ساتەوەختی دیاریکراو، بۆیە دڵسۆزانە پێشنیار دەکەم کە داوای لێبوردن لەخوێنەرانی بەڕێز بکات.

گەر بەدەنگ ئەم داوایەشمەوە نەیەت، خەمبارانە دەڵێم ئەمە دوا دێڕم دەبێت لە (کوردستان نێت) دا.
دڵسۆزتان

بەختیار شێخ مستەفا
سلێمانی- کوردستان